# بۆچی مارکس ماتریاڵیست بوو؟

عادەتەن وشەی "ئایدیاڵیزم" بۆ وەسفکردنی ڕوانگەیەکی خەیاڵی و یۆتۆپی بەکاردێت دەرهەق بە گۆڕان. ئەوەتا پێمان دەڵێن ئایدیاڵیستەکان خەڵکانێکن کە هەندێک ئامانجی ناواقیعییان هەیە.

"ماتریاڵیست"یش بە کەسانێک دەوترێت کە بەدوای دارایی و ماڵ و مادەوەن، بۆنمونە دەوترێت: «بیل گیتس کەسێکی ماتریاڵیستە». بەڵام کاتێک ئێمە دەڵێین کارل مارکس ماتریاڵیست بوو، مەبەستمان ئەوە نیە بۆ ماڵ و مادە کوێرایی داهاتبوو. کاتێکیش دەڵێین مارکس ئایدیاڵیست نەبوو، مەبەستمان ئەوە نیە هیچ ئایدیا و بیرۆکەیەکی نەبوو دەربارەی چۆنیەتیی گۆڕینی دونیا.

ماتریاڵیزم و ئایدیاڵیزم لە مێژووی فەلسەفەدا، زۆر جیاوازە لە بەکارهێنانە باوەکەی. ئایدیاڵیزم و ماتریاڵیزم، دوو شێوازی تەواو جیاواز و جودان بۆ سەیرکردنی ئەو دونیایەی کە تێیدا دەژین.

بە لای ئایدیاڵیستێکەوە، هۆش یان ڕۆح، لە فۆرمی خودادا، سەرچاوەی هەموو شتە مادی و ماتریاڵیستییەکانە. بۆنمونە، ئەفلاتون، فەیلەسوفی ئایدیاڵیستی یۆنانی کۆن، ئەرگۆمێنتی ئەوەی هێنایەوە کە جیهان و شتەکانی ناوی، لەلایەن کاتیگۆرییە لۆژیکی و گشتەکییەکانەوە دەستنیشاندەکرێت. بۆنمونە (درەخت) کاتیگۆرییەکی گشتەکی و گەردوونییە و هەر درەختێکی تایبەت و بەشەکی نوسخەیەکی لەبەرگیراوەیە لێی.

ئەفلاتون(و هەموو ئایدیاڵیستەکانی تریش)، "زەین"یان لە "مادە" جیادەکردەوە و ئەو ئەرگۆمێنتەیان دەهێنایەوە کە یەکەمیان حوکمی دووەمیان دەکات. ڕوانگەی ماتریاڵیستی، ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە.

بە لای ماتریاڵیستەکانەوە، کۆی حەقیقەت و واقیع لەسەر مادە بەندە: بۆنمونە، مێشکی مرۆڤ کە خۆی بەرهەمی ڕێکخستنی مادەیە بە شێوازێکی تایبەت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە،

ئایدیای پەتی و ئەبستراکتی (درەخت) شتێکە کە مرۆڤەکان بەپێی ئەزموونکردنی خۆیان لە درەختە واقیعییەکانەوە بەدەستیانهێناوە. وەکچۆن مارکس نوسیی: «ئەوە ئاگایی نیە کە بوون دەستنیشاندەکات، بەڵکو ئەوە بوونی کۆمەڵایەتییە ئاگایی دەستنیشاندەکات».

ڕەنگە باوترین و ئاشناترین شێوازی ئایدیالیزم بریتی‌بێت لە ئیختیار و ئیرادەی ئازاد (free will). واتە ئەو ئایدیایەی کە تاکەکەسەکان دەتوانن ئەو شتە ئەنجامبدەن کە لە زەینیاندایە. بۆنمونە ئەو بۆچوون و ڕوانگەیەی کە دەڵێت: گەر زۆر هەوڵ و تەقەلا بدەیت، ئەوا دەتوانیت بەسەر هەژارییدا زاڵ ببیت، ئایدیای "ئیختیار"ی قبوڵکردووە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، هەژاری چیتر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نیە، کە بۆ نمونە، لە داخستنی کارگە یان پەتا و نەخۆشییەکی سەراپاگیرەوە درووست ببێت. بەڵکو لەبری ئەوە، هەژاری بە جۆرێک لە هەڵبژاردنی شەخسی دادەنرێت.

دەتوانین بەناوبانگترین نمونەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای ڕۆناڵد ڕیگان‌ی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا بدۆزینەوە کە سەردەمانێک وتبووی خەڵک «بەهۆی هەڵبژاردنی خۆیانەوە بێ‌ماڵوحاڵن». گاڵتەجاڕییە کە تا ئێستا هیچکەس نەیوتووە کۆمپانیا فرەملیار دۆلارییەکان «بەهۆی خواست و هەڵبژاردنی خۆیانەوە مایەپوچدەبن». وێرای ئەمەش، هەموو ساڵێک، جیا لە ئیرادە و ئیختیاری سەرمایەدارە تاکەکان، هەزاران کۆمپانیا مایەپوچدەبن.

مارکس و ئەنگڵس، ئەو تێڕوانینەیان دایە بەر تانە و گاڵتە کە گوایا ئەوە ئایدیاکانن واقیع دەستنیشاندەکەن [و درووستیدەکەن]: «کاتی خۆی نەبەردێک هەبوو، پێی‌وابوو نقومبوونی مرۆڤەکان لە ئاودا تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بڕوایان بە ئایدیای هێزی ڕاکێشان هەیە. سەرەنجام ئەوەندە بەس بوو ئەم ئایدیایە لە مێشکی خۆیان دەربکەن...تاکو بێ‌چەندوچوون لەبەرامبەر مەترسیی ئاودا سەلامەت و پارێزراوبن».

بەڵام مارکس بەهۆی ڕەتکردنەوەی "ئیختیار"ەوە، باوەشی بۆ "جەبر و حەتمیەت"[1] نەکردووە، یان بۆ ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنەی کە مرۆڤەکان کۆیلەی هێزە کوێرەکانی مێژوون. مارکس نوسیی: «ئەو دید و دۆکترینە ماتریاڵیستییەی کە [پێی‌وایە] مرۆڤەکان بەرهەمی هەلومەرج و ڕەوش و پەروەردەن و بەم پێیە گۆڕانی مرۆڤەکان بەرهەمی هەلومەرجێکی تر و گۆڕانی پەروەردەیە، ئەوەی لەبیردەکرد کە مرۆڤەکان خۆیان هەلومەرجەکە دەگۆڕن».

---

[1] . determinism

بە لای مارکسەوە ئەوە مرۆڤەکانن «مێژووی خۆیان درووستدەکەن، بەڵام نەک بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێت. ئەوان لەژێر هەلومەرجێکدا مێژوو درووستناکەن کە خۆیان هەڵیانبژاردبێت، بەڵکو لەژێر ئەو هەلومەرجەدا دەیگۆڕن کە ڕاستەوخۆ لە ڕابردووەوە پێیانگەیشتووە، و دیاریکراوە [بۆیان] و کەوتۆتە بەرامبەریانەوە».

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، سەرەتا بەهۆی بونیادی فیزیکییەوە درووستدەبێت. ئێمە دەبێت بەشێوەیەکی هەرەوەزییانە و پێکەوەیی کار بۆ خواردن و خواردنەوە و دۆزینەوەی جێ و ڕێیەک بکەین. لە هەر قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی مرۆڤدا، ئاستی بەرهەمهێنان[2](و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەشی کە لەسەر ئەو ئاستی بەرهەمهێنانە بەندن) کەموکورتی و توانستەکانمان ڕەنگڕێژدەکەن.

مارکس و ئەنگڵس نوسییان: «گەر مرۆڤەکان نەتوانن خۆراک و خواردنەوە و شوێنی نیشتەجێبوون و پۆشاک لەڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە بەدەستبهێنن، ئەوا ناشتوانن ئازادبن». «ڕزگاربوون» هەنگاوێکی مێژووییە نەک زەینی و، هەلومەرجە مێژووییەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.».

ئایدیاکان دەتوانن شکڵ و شێوە بدەنە مێژوو و درووستیبکەن و دەشیکەن، بەڵام تەنیا بەو [مەرجەی کە] ملیۆنان مرۆڤ ئەم ئایدیایانە قبوڵبکەن و تەنیا گەر هەلومەرجی مێژوویی و مادی بۆ بەدیهاتنی ئەم ئایدیایانە بڕەخسێت.

پۆڵ داماتۆ/ وەرگێڕانی نێگەتیف

سەرچاوەکان:

- چرا مارکس ماتریالیست بود، پاول داماتو: www. militaant.com

※ http://socialistworker.org/2011/10/28/why-was-marx-a-materialist

---

[2] . level of production